نیگایـــەک بۆ ساتەکان

بابەت : شیعر
نوسینی : هەرێم حسن
بەرگ : پێشەوا
تابلۆی بەرگ : گۆستاف کلمت
مۆنتیف : علی چاوشین
چاپخانە : چوارچرا
تیراژ : ٥٠٠

ژمارەی سپاردنی ( ٢٠٢ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٦ ) وەرارەتی رۆشنبیری دراوەتیَ

ئەم کتێبە لە ئینتەرنێتدا بخوێنەوە
e_mail; haremylawan□□@yahoo.com

پێشکەشە

بە

ئەو

من لەو کاتەوەی شیعر دەنووسم دەرکم بەوە کردووە کەزۆر هەست هەیە تەنها شیعر دەتوانێت وەکو پەیامێک بی نوسێتەوەو بیگەیەنێت,شیعرەکانم هەڵقولاوی خۆم و عەشقێکی داگیرساوی خۆمن.
بۆیە دەڵێَم خۆت بناسەخەڵک دەناسیت..هەرلەبەرئەمەشە دەمەویَ خۆم بناسێنم دوایی ئەوانی تر.
هیوادارم بتوانم..
دڵۆپێک لەڕووباری ژیان
هەنسکێک لەفرمێسکی عەشق
پڕژە بارانێک لەخۆشەویستی
بەسەر خوێنەرانی بەڕێزدا بپڕژێنم

هەرێم حەسەن

فریشتەیەک

له بەیانی یەکی نوقمی تەم و مژدا
لەتەک جریوەی بولبولێکی خۆش ئاوازدا
.. لەو کاتەی خۆر
بیری کەوتەوە وەختی هەڵاتنە
لەوکاتەی بەیبوون وتی
ڕۆژی خۆ نواندنی منە
لەو کاتەی لێوێکی پەروەردەی ماچ
... دەیگوت و دەیگوت
ساتی ڕاموسانی منە
له دوورەوە .. بریسکەیەک

پڕ پڕ لەشادیو له خرۆش
... وەدەرکەوت
بریسکەیەک هێندەی دەریا
پڕ شەپۆل بوو
هێندەی حەزی دوو خۆشەویست
ئارەزوی گرتنه ئامێز بوو
..دەبێ ئەمە
ناڵەی هەورێکی
تازه بەدنیا ئاشنا بووبێ
!دەبێ چی بێ ؟
سەرسام ڕوانیم
کاتێ که هاته پێشەوه
!... چی ببینم

...فریشتەیەک
دڵ پڕ لە سیحری جوانی بوو
تابلۆیەک بوو
هیچ هونەرمەندو پەیکەرتاشیَ
کلێشەی بۆ دەرنەدەهات
عیشقی ئەم فریشتە پاکە
وەها ڕۆدەچوە ناخەوە
هیچ دیکتاتۆرێکی
...سەر ئەم گێتی یە
نەی دەتوانی

هەرەس بە عیشقەکەی بێنیَ
لەگەڵ لەرینەوەی یەکەم دەنگەژیَ ی
نیگاکانی بڕیە ئاسمان
وتی تەنها تۆ نەت توانی
لەم بەیانی یە تەم و مژە
بۆ ساتێکیش ئارامی بدەیتە دڵم
بەلاَم من تەنها بەماچیَ
دوو خۆشەویست
دەهێنمە ژوانی ئەبەدی

ئەی خۆشەویست

لە بەیانی یە ساتەوەختەکانی تەمەندا
بەنازەوە دێیت و دەڕۆیت
..وامەزانە
عاشق نیم و سوجدە نابەم
..وامەزانە
بۆنی هەناسە سیحراویەکانت

نەڕژاوەتە ناو ئەندێشەم
..وامەزانە
لەگەڵ نمەیبارانداا نەهاتویت و
تێکەڵاو نەبویت بەجەستەم
..باش بزانە
من لەگێژاوی چاوەڕوانیدا
...تواومەوە
وەک لەپی درەختێ
وردە..وردە ئەشکێمەوە
تۆش..ئەو شۆڕشەی
بە بەرهەمی عەشق

پەروەردە بووی
هەر ئەو بەرهەمەش وای لێ کردووی

ببيت بەدڵۆپێک خوێن و
…لەگەڵ مندا تێکەڵاوبی

زریانی کۆچ

ئازیزەکەم
لە دووای کۆچی هەرەس بۆمن
..هەرچی هەیە
بەفیڕوَی دەدەم
بۆ نازانی ؟
کۆچی بێوادەی لەناکاو
زریانێکە پڕە لەتەم

جەنگەڵستانێکە
تا چاو بڕکا..دڵ هەڵیگریَ
پڕە لەخەم
لەدووای کۆچت

ئیتر.. لەدەرگای کام عاشق بدەم
کە وەک دەریایە
مەنگ و بیَ بن
ئیتر..بەرۆکی کیَ
وەک ژووانی ڕابردوو
...ڕاتەکێنم
بەڵاًم ئازیز

هەر ئەوەندە ماوە کەبڵێم
وێنەکانت پۆلێک مەلن و
ئەمگەڕێننەوە جیهانی
ڕابردووم

هەستێک

..هەستێک هەیە
لەناخەوە دەم بزوێنیَ
وای لیَ کردووم
لەدڵەوە دەم جوڵێنیَ
لەسیحری چاوەنانت زیاتر
نی یە لەم سەرزەمینەدا
...بم هەژێنیَ

دیارە..هەرگیز
نەم زانیوە
پەنجەکانی تۆ سڕبوون و
...بەنامەیەک نام دوێنیَ
بەلآم..نیگات

شەپۆلێکی پڕئاگرینەو
...بەکڵپەوە دەم سوتێنیَ
سوجدە دەبەم بۆجەمالت
وات لیَ کردووم
...خۆشی ژیان نەم دوێنیَ

ژوان

ئەو شەقامەی ژوانمان لیَ بەست
ئێستا پڕیەتی لەناڵە
بیَ تۆیی پێوە دیارە
پێیان وتم بیَ ئەو
ئەو شەقامە بەتاڵە
دوێنیَ لەگەڵ شۆستەکە
...دووام لەویَ

نەیدەتوانی لەبەر شالآوی
فرمێسکی چاوی
هیچ وشەیەکم بۆ بڵێ
..ئەو سواڵکەرەی
ئەو ڕۆژە لەبەر دەرگایەک بوو
کەبینیم یەکسەر بۆم گریا
...وتی تۆش بەدبەخت بووی لەوێ
تاقە دارەکەی جێ ژوانیش
زۆر مات و کزو سیس ببوو
لەهیچ وەرزێکی ساڵ نەدەچوو
وتی لەدوواساتی ژوانی ئێوە
خۆشیم بەچاوی خۆم
نەبینیوە

بمگەڕێنەوە بۆ سروشت زوَر زیادمەڕوَ لەهەنگاونان بەرەو دنیای پێکی خەیاڵ نەبا..ڕۆژێ لەگەڵ جامێ لەسوچێکی ژوورەکەمدا بتخۆمەوە... نەبارۆژێ.. ببم بەباو لەگەردەلولی دڵمەوە بتڕفێنم لەناخەوە... بمگەڕێنەوە بۆسروشت بۆ یەکەم ئارامگای ژیان بۆساتەکانی.. پێش تەنیایی و پێش خەزانی تەمەن و هەڵوەرینی وشەوە... بۆ ئە ڕۆژانەی زەمەن چرکەکانی لەگەردنم ئەهۆنیەوە...

خوێندنگا کەدەتبینم .. لەبەردەرگای نائومێدی ئێوارە پایزێکی ژینم بیردێتەوە کە بەرهەمی وەرزێکت دا بەخەزان کەدەتبینم.. ئەوساتانەم بیردێتەوە کە کوچەکانت ئەنفال کردوو شەقامەکانت لە سێدارەو هەنگاوەکانت لەگۆڕنا... من دەمەوێ زۆر بتبینم چونکە من وەکو ئەوان نیم هەموو ڕۆژێ بەدەستی تۆ ئەنفال دەکرێم

لەسێدارەو لەگۆڕ دەنرێم... باش بزانە           ئەوانە بۆمن خوێندنگاو یەکەم
سەرچاوەی ژیانن یەکەم هەناسەی بەهارو خونچەگوڵی ئازیزانن

ژەهر

زۆر خەمبار بووم
..کاتیَ زانیم
ئەو تاڵی یەی لەپێکێکیشدا هەیە
هاوتانیە
لەگەڵ تاڵی دڵی تینووم
بۆیە ناچارم ئازیزم
پیکیَ ژەهر بخۆمەوە
بۆئەوەی تاکو ئەودنیاش
.لەگەڵ ئەوا بتوێمەوە

بڕیار

کەنامەکانت دێنەلام
..بەپەرۆشم
بۆخوێندنەوەیان
بیرمە شەوێک تاکوبەیان
لەگەڵ ئازاری
...نامەیەکا دانیشتم
زۆر خەمباربوو

..کاتیَ بینی
من ئەتلێمەوە لەبەریا
بۆیە بڕیاریدا ئەویش
...لەگەڵ منا خۆی فیداکا

## لێو

ویستم شیعرێک
بکەمە دیاری بۆت
بەلاَم نەم توانی بینوسمەوە
خۆت ئەزانی
من شێتانە شیعرەکانم
ئەهۆنمەوە
وتم دڵت زۆرناسکە

بەدەست گەردەلوولی لێومەوە
بیرتە ڕۆژی..لەژوانیَ
شیعرێکی ئالْم بۆت خوێندەوە
هێندەناسک بوو بەجاریَ
زوو زوو ئەشکا
بەلێومەوە

## ماچ

ئای کەناسک بوو ئەودەنگەی
لە ئێوارەیەکی ئەرخەوانی
خۆشەویستی بەجەستەدا کردم... بەئەسپایی دلْمی هۆنی یەوەو سات لەدووای سات هۆشی بردم ژیانی لەچرکەیەکدا ناساندو هەر بەماچیَ عاشقانە شێتی کردم...
دیاری ئەم شەو هاتوم لەگەلْ پێکیَ بتخۆمەوە عەشق بکەمە دیاری بۆ ژیان چونکە خونچەکان نابنە گولْە وەنەوشەیی یەکانی ئەم سەحەرە ناهەژێن و نابنە خۆراکی خۆشەویستەکان... ئاخر..گولْم من ڕقم لەوپەپولانەیە کەبیَ مەبەست ئەدەن لەشەقەی بالْو لەگەلْ مرۆڤەکان دەجەنگن لەزەوی یەکانی ڕوحەوە لەشەوێکی ئەنگوستەچاو دەبنە مەلێکی بیَ لانەو پەڕ وەریو و ڕۆدەچنە ناو ڕوحەکان... گۆرانی بیرتە شەوێک هەتا درەنگ لەگەلْ گۆرانی یەکا دووواین... بەسەما دەستمان پیَ کردوو بەنیگاوە بۆیەک ڕواین... ئەمڕۆش

هەمان گۆرانی مەستی کردم ئەی قیبلەی جوانی... کاتیَ گوێم لەوشەی نیگابوو
بڕوابکە دڕکی لەدڵمەوە هانی... شیوەنێک بۆ ئەمشەوە ئەمشەو بیَ تۆ
پێنوسەکەم هاتۆتە گۆ شیوەنێکت بۆ ئەگێڕیَ و ئەمباتە نێو خەیاڵە پێچاوپێچەکانی تۆ...
فرمێسکەکانیشم بەخوڕ دێنە خوارەوەو هەروەک هەڵچووبن لەزەوییەکانی
تۆ... من نامەویَ ئەو شیوەنە ئەوانەپەروەردەی دەستی تۆن چراکەم بیَ ناز کەوتووە
هێندە گریاوە ڕەش بووە ئەی کۆچ من قەت لێت خۆش نابم بەهارێکت کرد بەخەزان
ئارامگات بۆ خونچەکان سازان... قەدەریش زۆر بیَ ویژدانە کۆچی کردووە
بەئازارو بەنیشانە مناڵ بووم لەبەرامبەر عەشقت شێتانە یاریم دەکرد بەپرچت.. لاویمت
فڕاند بۆ ئارامی وکەیف و سەفات... ئێستا پیربووم..هۆنراوە ڕێمە
ژیان ژانە هەروانابێت
گۆڕێک لەبەرامبەر
ڕێتە...

## وانەکانی تۆ

کەمامۆستاکەم ئەمبینیَ
..وائەزانیَ
من لەخوێندکاران دابڕاوم
بەڵآم گیانە ئەو نازانیَ
من لەخوێندنگای
...تۆ دەخوێنم

هەمیشەتۆ فێری و انەی
سۆزو
وەفاو
خۆشەویستیو.. و...م دەکەی
گیانە ئەو هەروا بێ هۆشەو
..هەر نازانیَ
من وەکو دەروێشیَ
لەزیکری یادەکانی تۆدا
هەردوو چام لەبەر پێتی تۆ
...هەڵدەڕێژم

سکاڵا

ئالەم وەرزە بێ (تۆ)یەدا
زۆر شەکەت بووم
بەدووای تۆدا
تینوێتی ماچ ڕێگەی نەدا
بەشەقامی شارا گەڕام
تەنها وێڵ بووم

بەدوای تۆدا
ئێستا .. پەپوولە
بەشخوراوەکانی تەمەنم
ڕقیان لێمە!
لەکیَ بکەم سکالآ...
لەسیا چارەی بەختی خۆم
یاله پێچ و پەنا
بیَ بەهاکانی تۆدا...
نازانم بۆ ؟
بڕستی چێژم نەماوە
زەبرێکی یەکجار بەهێزە
خۆی بەجەستەما
کێشاوە...

بۆ..تۆ

کە ڕەشەبا ڕووی لەتۆ کرد
سەری داناو
...ڕووی خۆی شکا
بەڵام کاتێک هەستایەوە
هێزی نەما بڕایەوە
لەدووای ئەوە
زۆر ئەستەمە

لەحزوری جەنابتدا
جارێکی تر بەئەسپایی
...نەرمە غارکا
بەڵام شنەبای روخسارت
کەهەڵدەکات
هەزاران کەس
دەژینەوە..نویَدەبنەوە
ئالەو کاتە پڕنەشئەدا
ساتێکی تر ناتوانیَ..ئەو
...بەرامبەر تۆ خۆی بەرزکا

فەنابوون

بەیانی یەو..گوڵەکانی
پشکوتوی زەمەنیش
ونبون لە گێژاوی ئەم دەڤەرەدا
پەنجەکانی ئەم سەحەرەش
بیَ ناز کەوتون
..هاوار دەکەن
بۆ ئەو گولآنەی
لەفەنابوونی عەشق
سەریان هەڵدەدا

پەیام

وات زانی بوو
شیعر نووسین
تەنها شنە بای شادی یەو
دێت و دەڕوا...
وات زانی بوو
لە گێژاوی ئەم دەڤەرە
تەنها سەرچاوەی ژیانی و

...هەرتۆی ئارام بەخش و ڕەوا
لە دووا نیگای
ئەم پەیامە..گوێم لىَ گرە
لەکەناری ئەم دەریایە
زۆر ئاواز هەیە
دەخوێنىَ
بەڵام هیچیان
!...وا بەسەدا خۆی نانوێنىَ

س ە د ا ی خ ە م

لەم سەحەری کوڵمی ئاڵە
ماچێک خەمەو دووش خەیاڵە
ئادەی شەراب خامۆشم کە
لەناو ئەم دنیا جەنجاڵە
باهەرگێژبم..مەستبم..شەکەت

پڕلە مەینەت..پڕلەخەفەت
خۆ ژیان بیَ خەفەت ژانە
ئەوەی ئاواتمە هەر ژانە
توخوا لێم گەڕێن باگێژبم
دوور لەستەم و خەمی وان بم
دوورلە دەورانی فەلەک
ساڕێژکەری مەستی وان بم

٢/١٤

ئەوە ڕۆژی عاشقانەو
ئاخۆ خۆرم بۆ هەڵنەهات
..بەمن چی
گەر هەموو عاشقان
ڕیز دەبەستن و

لێو تەڕ دەکەن

بەخواوەندی عەشق بڵێن
...باچیتر گونهبارم نەکەن

لەو ڕۆژە پڕ حەسرەتەدا
نوسینەوەی یاداشت
وشە پیرۆزەکانی عەشق
ڕووی لەدووواین
بەمن چی..ئەی خەڵکینە
هەموو ڕۆژێ ناوی لێ نرێ
!...ڤالانتاین

بۆ..هاوڕێکەم
/ بۆشەهید
حەمەی وەستا پیرۆت

_١_

هۆ..هاوڕێکەم
لەوەتەی هەی هەر بەتەمابووی
بۆ ساتە ئارام بەخشەکانی
ژیان
بەلاَم مەخابن نەگەیشتی پێ ی
..تۆ نەتزانی
قەدەری بێ ویژدان
جەستەی شەکەتت
هەڕاج دەکات لەئاودا
...بۆ ماسی یەکان

_٢_

هۆ..هاوڕێکەم

بیرم ناچێت
جەژنت لەگەڵ گیانەوەرانی
دەریایەکی ناحەزدا کرد
ئەشکەوت بە ئەشکەوت
دەگەڕای بۆشیرینی و
..جەژنە پیرۆزانە
لەدووا ساتەکانیشدا
ژیانت لەبیرکردوو
نەگەیشتیت و نەگەیشتیت

## نیگا

ئەمشەو..مرۆڤەکان
فرمێسکی پەپوولەکانی
ژیان دەبارێنن
ئەمشەو..نیگا
بیَ نازەکانی خۆشەویستی
وردە .. وردە

چاوەکانیان بەئاونگی
دووری دەشۆنەوە
بەڵام..ئەمشەو
مرۆڤە چەوسێنەرەکان
بەئاشکراو لەخۆڕایی
خونچەکان هەڵدەوەرێنن

## حەسرەت

ئەمشەو دووایین پێکی لەدایک بوونی
نازێکە...
بە هاتنە دنیای
ڕوباریش بەنەشئەوە

...چاوەڕوانی شەپۆلێکە
ئەمشەو لێوە بەزیوەکانی زەمەنیش
لەخۆیانەوە جۆش داماون و

چاوەڕوانن بۆ یەک ماچت
.. بەڵام ئەمشەو
نیگا بەحەسرەتەوە
...دەڕوانێتە قیبلەی عەشقت

یادگاری

وەرە..ئازیز
دووای تێپەڕ بوونی
ساتە تاڵەکان
...شەقامەکانی ئەوسا بدۆزینەوە
کە پڕیەتی لە یادگاری
پیرۆزترین وشەی
نیگای چاوە مەستەکان

..دەوەرەوە
ساتەکان ببارێنەوەو
ئایەتە پیرۆزەکانی
...عەشقیش بدۆزەرەوە

نویَ بوونەوە

ئەو ساتەی کە دوورم لە تۆ
وا هەست دەکەم
...لە دنیا نیم
چوم بۆ حزوری عەشقێک و
...کرنۆش بۆ تەنهایی دەبەم
بەلاَم کاتێک

لێم دیاری تۆ
وا هەست دەکەم
سات لەدوای سات
دەژیمەوە..نوێدەبمەوە
...بێ خودا نیم

فیڕاق

پێنوسەکەم ئەمشەو گیانە
بەیادی تۆوە گرتویە
..زۆر دەمێکە
ئارەزووی لەو شیوەنەنەیە
یادەکانی لەولاداناوەو
فرمێسکەکانیشی شەتاو

هەموویانی کۆکردەوەو
خەریکەئەبیَ بەلافاو
پێنوسەکەم ئەم شەو
..حەزی لیَ یە چۆکم دادا
زیکریَ سازکاو
عاشقەکانی دەورو بەری خۆی
...پیَ مەستکا
زۆرئەترسم لەم شەوەدا
یادێک بۆ فیراق سازبداو
لەدووا ساتیش

...خۆی فیداکا

بڕیار

لە تەلەفۆنەکەت بەتەمام و
...ئەمەویَ بڵێم پێت
کەمن چەندە بۆت ئەسوتێم
بڕیاری خۆم داوە گیانە
...کە بتوێمەوە لەبەر پێت

ئەمەویَ دووبارەیکەمەوە بۆت
سەروەتم ناویَ
گشتی پولێکە
...من قەت جیانابمەوە لێت
ژیان بیَ تۆ هەناسەکەم
چی جیَ دەهێڵی ماناکەی
بڕوابکە لەناخمەوە
هەموو هاتووە واتاکەی

ولاَتی قەدەر

ئەم شەو تاکو بەیان
دەست لەئەژنۆ

لەگەڵ ئازارێکی دووریدا
...توامەوە
بەڵام گیانە..هاوتانەبوو
لەو خەمەتازەیەی
...کەدرکاندت لەناختەوە
گیانەسەیرە..لەم وڵاتی

قەزاوقەدەرە
مردن تازەدەبێتەوە
عەشق لەسێدارە دەدرێ‌َو
خونچەکان دەبنە
پشکۆیەکی ئاگرین و
دڵی سەرمەستەکان
...دەبەنەوە
گیانە سەیرە..لەم وڵاتی
قەزاوقەدەرە
...لەگۆڕنانی مانگە شەوە

## ماچ

ئای کەناسک بوو ئەودەنگەی
لە ئێوارەیەکی ئەرخەوانی
خۆشەویستی بەجەستەدا
...کردم
بەئەسپایی دڵمی هۆنی یەوەو
سات لەدووای سات
هۆشی بردم
ژیانی لەچرکەیەکدا ناساندو
هەر بەماچیَ
...عاشقانە شێتی کردم

ناونیشان

ئەویَ ڕۆژیَ هاوڕیَ یەکم
داوای ناونیشانی خۆمی
لیَ کردم
منیش پێم وت هائەوەیە ناونیشانم
...بۆتۆو بۆهەموو خەڵکانم
لەگەڕەکیکی ئەودیو سنوریژیان

ناوی ئەویش کڵۆڵەکان
نوسینگەیەکی بێ ناز
لەلا کۆلانە هەژارەکە دیارە
کەدێیەخوار بەئارامی
هەنگاو بنێ
نەبادڵم لەبەرپێتا
...هەڵڕێژرابێ
کەر کەلاوەیەکی وێرانت هاتەبەرچاو
بێ شک..بزانە
ماڵی منەو خەمەکانم بوون بەدیوار

بێ..نازی

ئەم شەویش وا ئەنوسمەوە
لەشەوانی هەرەس بۆمن
زۆر بەنازەوە بینیمی
ئەو پرسیارەی لەنیگاوە
ئاراستەم کردی
زۆر چاوەڕێی وەڵامێک بووم

بەڵام داخەکەم نەم بینی
ئیتر ناچم بۆئەو باخەی
کەکورسی کورسی یەکەی لێ بوو
دڵنیام کەخەتای ئەو بوو
کەمن و تۆی لەیەک کردی
..خۆ نیگاکەت
ئەیویست وەڵامم باتەوە

گەردەلولی شەپۆلی بیَ نازی
هەڵی گرتی

رامانێک

من بەبیَ تۆ
گەلاَیەکم لەپایزدا بەدەم باوە
لەگێژاوی ئەم قەدەرە
هەڵوەریوم لەخۆمەوە
من بەبیَ تۆ
سوالَکەرێکم لەودیو سنوری ژیانم
هەڵقولاَوم لەدوورەوە...

من بەبێ تۆ
منداڵێکی کۆلأنە هەژارەکانی
تەنهایم
هاتوومە دەر بەدەم باوە
ئێستاش بێ تۆم
فرمێسکەکانیشم هەروا
بێ هیوا دەڕژێنە سەرپەڕەی
...هۆنراوەکانمەوە

... ژیان ...

نازانم چۆن بگەمە لات

تاویَ تێر بۆنی بسکت کەم
.. دەپێم بلیَ
گەرفریشتەیەکیت لەئاسمان
بۆئەوەی تامردن
سوجدە بۆڕۆحیانەتت بەرم
گەر گەلاَیەکی بیَ نازی تەنهایت

تاکڕنۆش بەرم بۆ خەزان
..نازانم چۆن بگەمە لات
گەر کەسێکی مردووشی
لەژیان
تاهێزی هەموو جەستەم ببێت
...بەگیان

من ئەهلی تۆم

لەو کاتەدا وتیت ناژیم لەگەڵتا
بێشک زانیم
تۆ ئەستێرەی و تۆراویت
لەئاسمان و ژیانی منا
تۆ تیشکێک بووی لەتاریکی

بۆ ڕوناکی لەڕێگاکەم
بیَ بەهابون ئەو ڕۆژانەی
... بەخت و تەمەنمی تیا هەستا
گوڵم ئێستاش بیرم نەچووە
ئەو شەقامەی
یەکەم نیگامان لیَ ی ئالاَ
لەڕابردوو ئەهلی تۆ بووم
...ئێستاش هەروا

نامۆیی

ئەمشەویش ژیان دەمخواتەوە
بەگوێچکەما دەچرپێنیَ
دەبیَ لێرە بت بەزێنم
من دەمەویَ ببمە بەهار
..تا چی دی
گەلاَ دۆڕاوەکانی خەزان

نەوەرێنە سەر خۆڵی لاشەکان

..من دەمەوێ
سەهۆڵبەندان بمبەستێت بۆ ژیان
تا چی دی
گوڵەکانی ئەو دیو سنور
نەبنە خۆراکی دڕندەکان
ئای کەئەوان نامۆن
هەمیشە دەزرنگێنەوە
...وتەکان
...من دەمەوێ..من دەمەوێ
...تاچی دی..تاچی دی

پیَ
تۆش ڕۆیشتی و بەجێمت هێشت
بۆ گۆڕستانی ژیان
ویستم یەخەم ڕاتەکێنم
لەبەر پێتا
...بەلاَم نەت هێشت
لەدووای کۆچت
بەقەت بالاَت
ژەهرێکی یەکجار زۆرم چەشت
دووا بڕیارتە.. ماڵئاوایی ؟
کوا ئەو ساتەی
هەموو ژیانم
لەبەرپێت خست

زەنگێک

چاوەڕوانم لەبۆ زەنگی
تەلەفۆنێ
هێدی..هێدی دەتێمەوە
دەبمە خۆڵی گەڵاوەریوێکی پایزیو
دەچمەژێر پێ ی
گیانەوەرە دڕندەکان

دیسان ڕەشەبای نەگبەت
وازناهێنیَ و
دەمبا بۆدێوەکانی بیابان
ئای کەحەسرەتە ..ئەو زەنگە
زۆر ئەترسم
هەر لیَ نەدات
بچێتەسەر ڕێی دوژمن و
ڕێگە منیش هەراسانکات

حەزێک

زۆر دەمێکە
لەناو دڵی تۆدا دەگریم
دەناڵێنم بۆیەکەم ساتی
ئاخافتن
بۆڕاوەسانی حەزێکم
...نا..بۆکردنەوەی گوڵێکم

ئای کەبێگەردی لەئاڵۆزیم
زۆر شیرینی
لەچاو تاڵیم
...بەتۆ مەستم لە چاو مەستیم

خەڵوەت

ئەو کاتانەی خەودەمبات و
وردە..وردە
...بەتاسەوە دەمفڕینیَ
دەمباتە کەنارەکانی عەشق و
هەر لەوێدا عاشقانە

دەممرێنیَ
یادەکانی تۆ لەتەنهایی
خەیاڵێکی دەستوەشێنەو
...پایزانە دەموەرێنیَ
نیگای دووریت
وەک دەروێشیَ
لەخەڵوەتا دەمسوتێنیَ

شی بوونەوە

ئاونگێکم لەدووریتا
هێدی..هێدی
دەتوێمەوە
من بەسپێدەی ئەرخەوانی
...چاوی مەستت دەژیمەوە
من بەبۆنی زوڵفی ئاڵو
نیگای دووری

دەژیمەوە
خاکێکیشم لەبەرپێتا
بەئەسپایی لەئازارم
...شی دەبمەوە

# کۆچ

ڕقم لێتە ئەی کۆچ
چونکە قەدەری تۆ
ناهێڵیَ
پەپوولەکان بە ئارامی
... بدەن لەشەقەی باڵ
لەکاتی مژینی شیلەی
گوڵەکان
تۆپێان دەکەیتە

...ئاشبەتاڵ
ڕقم لێتە ئەی کۆچ
چونکە تۆناهێڵی
ماسی یەکان لەدەریاشدا
...بحەسێنەوە
پەپولەکان دەکەی
بەخۆراک بۆیان و

ڕێگەش نادەی
جەژنە پیرۆزە لەگەڵ خۆیاندا
بکەن و
...بەرهەمی ژیانیان دەچنیەوە

بەڵین

نامەوێ دوندە بالأبم
بەقەت..پەیمانە
بێ بەڵێنەکانی تۆ
نامەوێ بەتەما بژیم
بۆ ئەو ساتانەی

هەر چرکەیەکی داستانێکەو
تائەو پەڕی دنیا
بڕدەکا لە تۆ
ئاخر.. قەدەر
بۆ نایەوێ بە نامەیەک
... بمدوێنێ
لەباوەشی ئارام بەخشی
زەمەندا بمنوێنێ
بەلاَم .. قەدەر ئەی نازانی

مەلی هیوام نەیداوە
لە شەقەی باڵو
شوێنی حەوانەوەی دەستنەکەوتووە
لەبەر .. تۆ

له..دڵەوه

زۆر دەمێکه..تامەزرۆمه
بۆ بینینی
ئەو پەڵه هەورەی
بەبێ دەنگی
...بارانی میهری داباراند
بۆ..ئەو داره
وەنەوشەیی یەی

...به ئەسپایی منی هەژاند
لەدووا پلەی ماڵئاوایش
هەموو ساتەکانی ژیانمی
.خنکاند

کڕێوه

بەهیوام گەر ئەم جارە
هاتی بۆ ژوان
دنیا نوقمی تەمومژ بێ
زۆریش ساردو کڕێوه بێ
دڵنیام هەرکات وەدەرکەوتی
تەمومژ لەئاستت خۆی ناگرێ

..ئەوی تریش
باهەر وابیَ..لەگەڵ ماچیَ
لەخۆشی کڕنوشی لێوت
...بەبیَ دەنگی گەرم دەبیَ

دووا پله

سەرم لە گێژاوی زەمەن و
فرمێسکە بێ نازەکانی
شێواوە...
لەوەش زیاتر
عاشقە بەهیواکانی
ئەم دەڤەرەی

نەرم..نەرم ئازارداوە
بۆ دووا خەمی ئەم گێژاوە
لەکەناری شەپۆلێکی
پڕماتەمین
کڵپەی هاتووە لەو لاوە...

.. زۆر سوپاس بۆ

ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان _
سەنتەری قەڵادزێ
پێشەوا _
علی چاوشین _
هێمن حسن _